عراق داوا لە ئەمریکا دەکات بە بەیاری سپاندنی سزا بەسەر ٧ بانکدا بەخێیدا بچێتەوە

فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، و ئینتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باسیان لە سزاکانی گەنجینەی ئەمریکا بەسەر بانکەکانی عیراقدا کرد.

وەزارەتی دەرەوە لە ڕاگەیەندراوەکدا ،بەاویکردەوە:-,, فوئاد حوسێن ، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە ئینتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پێگەیشتووە، لە چوارچێوەی بەدواداچوون بە دیارترین پێشهاتەکان و پرسە ناوچەیی و نێودەوەتییەکانی بەرژەوەندی هاوبەش، و هەروەها گفتوگۆیان کرد لە میانی بانگەواز بە ئەو هەرشانەی کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستیپێکردووە بە سەر شوێنە سەربازی و مەدەنییەکان لە عەکاشات و قائیم، کە هەزە ئەمنییەکانی عیراقیان کردە ئامانج و لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە هەزە ئەمنییەکان و هاووڵاتیانی مەدەنی عیراقی شەهید بوون.

لە درێژەی ڕاگەیندراوەکە ئەوەیش هاتووە: هەروەها هەردوولا جەختیان لە گرنگی کارکردن بە بەهێزکردنی هاوبەشی ستراتیژی نێوان هەردوو وڵات و بەردەوامیی هەماهەنگی و ڕاوێژکاری لە ماوەی داهاتوودا بە

پێیەوەکردنی ڕێگاکانی هەنگاوی هاوبەش بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە پەرەسەندووەکانی ناوچەکە کردەوە .

فوئاد حوسێن تاوتوێ ئەو سزایانەی کە لەم دواییانەدا گەنجینەی ئەمریکا بەسەر حەوت بانکی عێراقیدا سەپاندووە کردووە، کە پێشتر سزای بەسەر چواردە بانکی عێراقیدا سەپێندرابوو، هەکارەکانی پشت سەپاندنی ئەو جۆرە سزایانە ڕوون نەکرانەوە، هەروەها ئایا واشنتۆن سەپاندووە یان نا ئەم سزایانە بەهۆی نەبوونی دیسپلینی ئەم بانکانە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و ڕێساکانی پابەندبوون بە بانکی، یان بە هەکاری تری سیاسی، بەتایبەتی کە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە پێیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق.

ناوبراوە ڕوونی کردەوە کە "ئەو بانکانە ڕێککی گرنگ و سەرەکییان هەیە لە دابینکردنی پارەی خەرجییەکانی کارتی بەشخەراك و دابینکردنی سەبەتەی خەراك بە ئەو خەزانە عێراقیانەی کە داهاتیان سنووردارە، وەزیری دەرەوەیش بە فەرمی داوای کرد چاوخشاندنەوە بە بیارەکەی گەنجینەی ئەمریکا لەسەر ئەو پرسە بکرێتەوە ، ئاماژەی بەوەشکرد عێراق پەرەشی بنیاتنانی هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ وەاتانی دەست و کارکردنی هاوبەش بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئابووری و ئەمنییەکان بە شێوەیەك کە پشتگیری لە چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا بکات.

لای خۆیەوە ئەنتەنی بلینکن حەزی خۆی دەربڕی بە درێژدان بە کارە هاوبەشەکان و پێیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، هەروەها پاڵپشتی حکومەتی عێراق لە بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی لە بواری هاریکاری ئابوریدا دەربڕی.